# دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی لە پاراستنی ئاکار لەناو خێزان وکۆمەڵگەدا

**د.مصطفى رسول حسين**
کۆلێجی یاسا/ زانکۆی سلێمانی

**د.زانا رفيق سعيد**
کۆلێجی یاسا/ زانکۆی سلێمانی
کولێجی یاسا/زانکۆی جیهان-سلێمانی

**م.ي.ريزان سعيد حمه شريف**
زانکۆی هەڵەبجە

## پێشەکی

**<u>١ ناساندنی بابەتی توێژینەوە کە:</u>**

خێزان یەکەی بنچینەی پێکهاتەی کۆمەڵگەیە، پاراستنی بنچینە وپایەکانی، پارێزگاریە لە کۆمەڵگە، لەم بارەیەوە دەستوری کۆماری عێراق ٢٠٠٥، لە مادەی (٢٩) دەقی هێناوە کە (خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە و دەوڵەت کیانی خێزان وبەهـا ئاینی وئاکاری وڕەوشتی ونیشتمانیەکانی دەپارێزێت).

لەو ڕوانگەیەشەوە کە مانەوەی شیرازەی کۆمەڵگە وابەستەیە بە پارێزگاری کردن لەکۆمەڵە ڕەگەزێك لەوانە (ئاسایش و وئاکار ئارامی و تەندروستی وسیستمی ئابوری وکۆمەڵایەتی و سیاسی)، بۆیە مانەوەی خێزانیش وابەستەیە بەو ڕەگەزانەوە، زیادەڕەوی ناکەین گەر بڵێین لەکاتی ئێستادا پارێزگاری لە ئاکاری کۆمەڵگە بەگشتی وخێزان بەدیاری کراوی لەگرنگترین ئەرکە هەنوکەییەکانی کارگێڕی گشتیە بەهۆی ئەو ئاڵانگیریانەی دروست

بوون بەپێشـکەوتنی تەکنەلۆجیـای زانیـاری و فـراوان بـوونی تۆڕەکـانی ئینتەرنێـت وپەیوەنـدی وڕاگەیاندن وبەئاسانی گەیشتنی بۆ ناو هەر خێزانێك هەموو ئەوانەش لەژێرسایەی جیهـانگیری وبەهەنـد وەرنەگرتنـی بەهـاو ئاکـاری ئەو کـۆمەڵگەیە یە کە بـۆی ئاڕاسـتە دەکرێـت، ئەم پارێزگاریەش پێویستی بە ناساندنی بنچینەکانی دەسـەڵاتپێدانی کـارگێڕی گشـتی دەبێـت بـۆ ئەو ئەرکە و پێویستە لەسنوری دەسەڵاتی کارگێڕی گشـتی بکـۆڵینەوەو گـرنگترین ئەو بـوارانەش دیاری بکەین کە تیایدا کارگێڕی دەتوانێت ئەو بەها ئاکاریانەی خێزان لەکۆمەڵگەدا بپارێزێت.

**٢-بایەخ و گرنگی توێژینەوەکە:**

پارێزگاریکردن لەسیستم وبەها ئاکاریەکانی کۆمەڵگـا لە ئەرکە نوێیەکـانی کـارگێڕی گشـتی دەژمێردرێت تەنانەت لە فەڕەنساش کەلانکەی سەرهەڵدانی یاسای کارگێڕیە، سەرەڕای ئەوەش لەکۆمەڵگای کوردەواری تێڕوانینێکی باڵا وبەهەندگیراوهەیە بۆ بابەتە ئاکاریەکان وپاراستنیشی۔ بەشێکە لەنەریتە خێزانـی وکۆمەڵایەتیەکـان وتەنـانەت ئاینیەکـانیش بـۆیە هەر پێشـیلکاریەك ودەسـتدرێژیەك کـاردانەوەی تونـدی لێـدەکەوێتەوە بـۆیە ئەرکی کـارگێڕی گشـتی لەم جـۆرە کۆمەڵگانەدا سەختروگرنگتر دەبێت لەڕووی پاراستنی بەها ئاکاریەکان تیایاندا.

**٣-گرفتی توێژینەوەکە:**

ئـاڵۆزی وفـراوانی چەمـکی ئاکـار(moral) و وابەسـتەبوونی بە ڕەوتە فەلسـەفی وئـاینی وکۆمەڵایەتیەکان لەلایەك و چـۆنیەتی پاراسـتنی هاوسـەنگی کـردن لەنێـوان ئازادیەگشـتیەکان وپاراستنی ئاکار لەڕوویەکی دیکەوە بەسەرەکی ترین گرفتی ئەم تـوێژینەوەیە دادەنرێـت، ئەمە سـەرەڕای دەستەوسـتانی هۆیێنـاوە تەقلیـدیەکانی دەسـەڵاتی ڕێکسـازی لەڕووبەڕووبـونەوەی پێشیلکاریەکانی سەر بەها ئاکاریەکان لەکۆمەڵگا بەگشتی وخێزان بەتایبەتی.

**٤-میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم تـوێژینەوەیەدا میتـۆدی شـیکاری و بەراوردکـاریمان پەیـڕەو کـردووە لە میـانەی شیکردنەوەی دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی ودام ودەزگاتایبەتمەنـدەکانی لە پارێزگـاری لەسیسـتمی گشتی وڕێکسازی کارگێڕی و لێکۆڵینەوە لە میکانیزمی گونجاو بۆ دەستەبەر کردنی هاوسـەنگی گونجاو لەنێوان ئازادیەگشتیەکان کەدەسـتور دەقـی لەبـارەوە هێنـاوە لەگەڵ پاراسـتنی کیـانی

خێزان وبەها وڕەوشتیەکانی کەدیسان دەستوری عێراقی دەقی لەبارەوە هێناوە، هاوڕەوت لەگەڵ ئەومیتۆدی شیکاریە، میتۆدی بەراوردکاریمان بەکارهێناوەو لەوەشدا هەڵوێستی یاسادانەرو زانایانی یاسای دەستوری لەووڵاتانی عەرەبی وڕۆژئاوایی هێناوەو بەراوردمان کردوە بەیاساکارپێکراوەکانی عێراق.

**<u>٥-پلانی توێژینەوەکە:</u>**

لەژێر سایەی ناونیشانی توێژینەوەکە (دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی لەپاراستنی ئاکارلەناوخێزان وکۆمەڵگادا) پلانی توێژینەوەکەمان دابەش دەکەین بۆ دوو باس لەدوای پێشەکی وبەم سەرباسانەی لەخوارەوە دیاریمان کردوون:

**باسی یەکەم: ناساندنی چەمکی ئاکاری گشتی**

**باسی دووەم:بنچینەکانی دەسەڵاتی کارگێری لە پاراستنی ئاکاری گشتی**

لەکۆتای توێژینەوەکەدا چەند ڕاسپاردەو دەرەنجامێك دەخەینە ڕوو .

## باسی یەکەم

## ناساندنی چەمکی ئاکاری گشتی

مرۆڤ لەسەرەتایی بوونیەوە لەسەر زەوی، کاراکتەر و کارلێکراوبووە لەو ژینگەیەی تیایدا ژیاوە، ئەمەش لە پێناو مانەوەییدا بووە وبۆ پڕکردنەوە و تێرکردنی ئارەزوو پێویستیەکانی بووە، بێگومان لەمەشدا تەنها بەتەنها خودی خۆی نەیتوانیوە ئەو کارە بکات بەڵکو لەچوارچێوەی کۆمەڵگەدا بووە چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی بەسروشت کۆمەڵایەتیە.

بوونی کۆمەڵگە بەڕێکخراوەیی وسەقامگیری وابەستەیە لەسەر پاراستنی کۆمەڵە ڕەگەزێك، ئەوانەش جۆرومەودایان لەکۆمەڵگەیەکدا لەکاتێکەوە بۆسەردەمێکی دیکەو لەنێوان کۆمەڵگە جیاجیاکاندا، جیاوازن.بەڵام ئەوەی بەڕەگەزێکی گرنگ دادەنرێت وئەو ئەدگارەی پیشویشی تیادەردەکەوێت بریتیە لە ئاکاری گشتی کۆمەڵگە.

بەتێروانین وبنیات لەسەر ئەوەی پێشوو خستمانە ڕوو ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ دوو تەوەرە، لەیەکەمیان پێناسەی چەمکی ئاکار دەکەین و لەدووەمیاندا خەسڵەتەکانی دەخەینە ڕوو.

## تەوەرەی یەکەم

## پێناسەی چەمکی ئاکار

ئاکار چەمکێکە واتـا وپێناسـەکەی لەزمانەوانیـدا جیـاوازە، لەوەی لە زاراوەییـدا هەیەتی، سەرە ڕای ئەوەی لە لایەن فەیلەسوفان وکۆمەڵناسان وزانایـانی یاسـاییەوە پێناسـەی بـۆ کـراوە، هەروەها یاسادانەر لەم چەمکە دوواوە وپەیوەستی کردوە بە دەستەواژەو چەمکـیکی دیـکەی وەك ڕەوشــت(ئاداب)، بــۆ ڕوون کــردنەوەی تەواوی ئەو پێناسـانە بە پێویسـتی دەزانـین ئەم تەوەرەیە دابەش بکەین بۆ چەند لقێك:

### لقی یەکەم

### پێناسەی زمانەوانی وزاراوەیی ئاکار

لە زمانی کوردیدا چەند ووشـە (واژەیەك) بەکاردەهێنرێـت بە واتـای ئاکـار لەوانە کە هـاو واتــان بــۆی لەوانە [1]: (ڕەوشــت، ڕەفتــار، هەڵــس وکەوت، خووخـدە ..) لەو ڕوانـگەیەوە بە وەسف بەکاردێت ودەوترێت کەسـێکی بە ڕەوشـتە و ئاکـاری جـوانە کە مانـای ئەو پێکهـاتەوە بزاوتە دەروونیەیە کەسەرچاوەی خۆڕسك ودروستکەری هەڵس وکەوت وکاروکردەکانی مـرۆڤە، جائەگەر ئەو ڕەفتارەی کە مرۆڤ دەینوێنێت لەڕووی عەقڵەوە پەسـەند وبـاش بێـت ئەوا ئەو ڕەفتــارە ووەســف دەدرێــت بەوەی ڕەفتــاری جــوان، ئاکــاری بەرز وڕەوشــتە، بەڵام ئەگەر کردەوەکە لەڕووی عەقلی یان کۆمەڵایەتی یان ئاینی ناپەسەند بیچت ئەوا ناوزەند دەکرێـت بە هەڵس وکەوتی نەشیاو ڕەفتاری ناپەسەند وبەدڕەوشت.

لەرووی زاراوەیـیەوە لە ڕووی زانسـتی کـۆمەڵایەتیەوە، پێناسـەی کـراوە بەوەی کـۆمەڵە بنەواشەیەکی ئاکارییە کەسیسـتمی کـۆمەڵگەی لەسـەر بنیـاتنراوە، تاکەکـانی کـۆمەڵگە وەهـای لێدەڕوانن کە پێویستە لەسەریان پەیڕەوی بکەن لەپەیوەندیەکانیان لەنێوان خۆیانـدا، ئەمەش پێکدێت لە تێکەڵەیی داب ونەریت و بەهـا وئامۆژکـارە ئاینیەکـان بەهـۆی ئەوانەوە چـاك لە خراپ وخێر لەشەر جیادەکرێتەوە.[2]

---

[1] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئیحسان، تاران، ٢٠١٠، ل١٢٧.

[2] محمود سلیمان، النقام العام والآداب العامە، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە لەسەر ئەم لینکە،

## لقى دووەم

## پێناسەی زانایانی فەلسەفە ویاسا بۆ ئاكار

لەمێـژەوە فەیلەسـوفان بـایەخێكی زۆریـان بە ئاكـار داوەو لێكـۆڵینەوە و نوسراویـان لەو بارەیەوە هەیە تەنانەت لقێكی زانسـتی فەلسـەفە بـریتیە لە فەلسـەفەی ئاكـار، لەم ڕووە وە واتـای ئاكـار لە فەلسـەفەدا بـریتیە لەوەی كە پێناسـە كـراوە بەوەی كە ( زانسـتێكی پێـوەریە (معياريه) لە ڕەوشت دەكۆڵێتەوە بەو جۆرەی كە پێویستە مرۆڤایەتی لەسەری بێت وپەیـڕەوی بكات، بەبێ بایەخدان بەوەی كە ڕەوشتی مرۆڤەكان لەسەری دەڕۆن وپێوەی پابەندبن)، بەم جۆرە ئامانجی ئەم لقەی زانستی فەلسەفە (فەلسەفەی ئاكار)، دیاریكردنی چارەسەری تیـۆریە بۆ گرفت وئارایشە ڕەوشتیەكان و هەوڵدەدات بۆ ژیاندنەوەی لە دەروون وناخی مرۆڤـدا، بـۆ ئەوەی ڕەوشتی تاك وكۆمەڵگە لە باڵاترین ئاستیدا بێت[1].

فەلسەفەی ئاكار وەك تیۆری زانین ومەنتیق لقێك لەلقەكانی فەلسەفەیە، بـابەتی سـەرەكی ئاكار دیاریكردنی بابەتگەلێكی وەك ئمەیە باش چیە؟ خراپە چـیە؟ لەكوێـوە سـەرچاوەیان گرتـوە بەگشتی فەلسەفەی ئاكار بەدوای وەڵامی دووپرسیار دەگەڕێت، یەكەمیان ئەوەیە كە چەمكە ئەخلاقیەكـانی وەك چـاكەو خـراپە وئەرك لەسـەر چ بنەمـایەك دامەزراون و مانـای ووردی ئەو چەمكانە چیە؟

ئاوەز (عەقڵ) ژێدەری سـەرەكی بـووە لە فەلسـەفەی یۆنـانی تـا فەلسـەفەی سـەردەم بـۆ هەڵهێنجانی ڕێسـاڕەشـتیەكان.هەر لەوسـەرەتایانەدا فەیلەسـوفان جەختیـان دەكـردەوە لەسـەر ئەخلاقی فەزیلەت، بەلام لەسەردەمی ڕێنسانس، دوو ڕێبازی ئەخـلاق گەرایـی بـرەوی پێـدرا، (ئەخلاقی وەزیفە گەرایی لای كانت) و (ئەخلاقی ئەنجامگەرایی لای بینتام).

لەقۆنـــاغی دواتـــردا ئەخلاقـــی ســـوودگەرایی، ئەوەی لەدیـــدگایی فەراهەم هێنـــانی بەرژەوەندیەكانەوە دەیڕوانیە چەمكی ئەخلاق لەبرەودابوو.

بەڵام فەلسـەفەی ئاكـاری مـۆدێرن چەنـد ڕێبـازێكی لـێكەوتەوە، هەنـدێك فەیلەسـوف دەیانویست بنەمایەكی عەقلی بیركاریانە بۆ ئاكار دابنێن چـونكە مرۆڤەكـان مـافی ئەوەیـان نـیە

---

f.aspx= 75767366 . www.startimes.com مێژووی سەردانیكردنی ٢٠١٨/٣/٢٨

[1]كریمه دوز، الاخلاق بين الاديان السماويه والفلسفه الغربيه، گ١، دار الكتاب، الاسماعيليه، مصر، ٢٠١٦، ص٩.

بەناوی خـواوە کەس بەتاوانبـار لە قەڵەم بـدەن، لایەنـێکی دیـکەی ئاکـاری مـۆدێرن بـرەودانە بەسۆز وخۆشەویستی وەك بابەتێکی مرۆیی لەکاتێکدا بیرمەندانی وەکو هۆبز ولۆك لایان وابـوو مرۆڤ پێویستی بە پەیمانی کۆمەڵایەتی هەیە، واتا یاسا پێویسـتە بـۆ ئەوەی مرۆڤەکـان بەرەو شارستانیەت هان بـدات لەلای ئەمـان ئاکـار سەربەسـتانە وەك نەسـتەکۆی کـۆمەڵگە بـایەخی پێدراو لەگەڵ یاسادا یەکیان گرتەوە و مرۆڤ خـاوەنی ژیـریە بـۆیە عەقـڵ وئاکـار ڕێگەیـان بـۆ پتەوکردنی یاسا خۆش کرد.

سەبارەت بە پێناسەی ئاکار لای زانایانی یاسا، بریتیە لەو بنچینە ڕەفتاریانەی کە بەشـێکی پێکهێنەرن لە سیستمی کۆمەڵگەیە، ڕێگە بەپێشیل کاری ودەرچوون لێیان نادرێـت بەگـوێرەی گرێبەست و ڕێکەوتنە تایبەتیەکانی نێوانیان.[1]

لەبارەی تێڕوانینی زانایان لەبارەی سنورومەودای ئاکاری گشتی، زانایانی یاسا، ڕاجیـاوازن، زۆربەی زانایـانی یاسـای کـارگێڕی واتـایەکی فـراوانی پێدەبەخشــن وبە ڕەگەزێـکی پێکهێـنەری سیستمی گشتی (L Orde Public)[2].

هەرچی یاساناسانی بواری تاوانکاریە، چەمکی ئاکاری گشتی سنوردار دەکەن لە پەیوەندیە سێکسیەکان، بەپێویستی دەزانن ئەو مومارەسە سێکسی وڕەگەزیانە بە پەنهانی ونائاشکرایی، دوور لە چاویی کۆمەڵەوە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی حیشمەت وشەرم وشکۆ بپارێزرێت وبێ ڕەوشتی پەرەی پێنەدرێت وبڵاو نەبێتەوە لە کۆمەڵگەدا.

---

[1] د.عبدالرزاق السنهوری، الوجیز فی شرح القانون المدنی، نقریه الالتزام بوجه عام، ج١، دارالنچه العربیه، ١٩٦٦، ص١٥.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانن بۆ د. سعاد الشرقاوی، القانون الإداری، دار النهچه العربیه، القاهره، ١٩٨٣ -ص ٢٢و د. محمود عاگف البنا، الوسیگ فی القانون الاداری -دار الفکر العربی - القاهره - ١٩٨٤، ص٣٧٣ د. علی محمد بدیر ود.عصام عبد الوهاب البرزنجی ود.مهدی یاسین السلامی(تالیف مشترك)، مبادی واحکام القانون الإداری، مدیریه دار الکتب والگباعه، بغداد، ١٩٩٣، ص٢١٦، منیب محمد ربیع، چمانات الحریه فی مواجهه سلگات الچبگ الإداری، رساله دکتوراه مقدمه إلی کلیه القانون/ جامعه عین شمس، ١٩٨٨، ص٧٣.

## لقی سێهەم
## چەمکی یاسادانەر بۆ ئاکاری گشتی

یاسا بەراوردکاریەکان کۆك نین لەسەر دیاریکردن وپێناسەیەکی هاوبەش بۆ ئاکاری گشتی لەم ڕووەوە، ئاماژە بەچەند یاسایەکیان دەکەین :

١-لەهەندێك یاسادا، دەستەواژەی ڕەوشتی گشتی ( الآداب العامه) بەتەنها بەکارهێنراوە، بۆ نمونە لەدەستوری کۆماری میسری عەرەبی ٢٠١٤، کەباس لە ئەرکەکانی پۆلیس دەکات، دەقی هێناوە : (لە ئەرکەکانی پۆلیس شەونخونی وکارکردنە بۆ پاراستنی ئادابی گشتی).[١]

٢-لەچەند یاسای دیکە تەنها دەستەواژەی ئاکاری گشتی (الأخلاق العامه) بەکارهێنراوە، بۆ نمونە لە یاسای چاودێری فیلمە سینەماییەکان لە عێراق ژمارە(٦٤) ی ساڵی ١٩٧٣ دەقی هێناوە بە قەدەغەکردنی ئەو فیلم وبەرهەمە هونەریانەی کە بانگەشە دەکەن بۆ تێکدانی ڕەوشتی گشتی[٢].

٣- لەیاسی دیکە بەنمونە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەمواركراو هەردوو دەستەواژە ئاکار گشتی و ڕەوشتی گشتی (الأخلاق والآداب العامه) پێکەوە بەکار هێنراون .لە دەروازەی نۆی بەشی دووەم لە یاسای سزادان کە باس لەو تاوانانە دەکات، کە دەکرێتە سەر ئاکارو ڕەوشتی گشتی.

یاسای بڵاوکراوە و چاپەمەنی ئوردونی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ لە مادەکانی (٤٠و ٨٠) هەمان ڕێچکەی یاسای سزادانی عێراقی گرتوە.

٤- لە ڕێنمایی و یاساکانی دیکە ئەو دەستەواژەیە بە جیاکراوە (الأخلاق العامه) او( الآداب العامه) هاتون بۆ نمونە ڕێنماییەکانی ڕێکخستنی کاری تاقیگە فۆتۆگرافیەکان لە عێراق، دەقی هێناوە لە بارەی قەدەغەکردنی ئەو وێنانەی کە دژ بە ئاکاری گشتی یان ئادابی گشتین.[٣]

---

[١] مادەی (٢٠٦) لە دەستوری کۆماری عەرەبی میسر ٢٠١٤.

[٢] بڕگەی (٢) لە مادەی (٢) لە یاساکە، بڵاو کراوەتەوە لە جریده الوقائع العراقیه لەژمارەی (٢٢٥٤)لە ١٩٧٣/٦/١٢

[٣] بڕگەی پیچنجەم لە مادەی (٤) لە مادەی ٤ ڕێنمایی ڕێکخستنی پیشەی فۆتۆگرافی لە عێراق ساڵی ١٩٩٣.

لەدەرەنجامی ئەوەی خستمانەڕوو، بەڕوونی دەردەکەوێت یاسادانەر لەعێراق و وڵاتانی دیکە هاوڕانین لە بارەی ئەوەی ئایا ئەو دوودەستەواژەیە، هاو واتان یان جیاوازن؟ هاوشێوەی یاسادانەریش زانایان کۆك نین لە بارەی جیاکاری کردن یان هاومانابوونی دەستەواژەی ئاکار گشتی و ڕەوشتی گشتی (الأخلاق والآداب العامه) .

لەم ڕووەوە زانایان دابەشی دوو ئاڕاستە بوون[1]:

ئاڕاستەی یەکەم:جیاکاری ناکەن لەنێوان ئاکار گشتی و ڕەوشتی گشتی (الأخلاق والآداب العامه) .

ئاڕاستەی دووەم: جیاوازی نێوان ئاکار گشتی و ڕەوشتی گشتی (الأخلاق والآداب العامه) دەکەن، ئێمە ڕایە بە پەسەند دادەنێین لەسەر بنچینەی ئەوەی کە چەکی ئاکاری گشتی فراوانترە، بەجۆرێك ڕەوشتی گشتی (ئادابی گشتی) لانی کەمی ئەو ڕەفتارانە دەگرێتەوە کە پێویستە تاك لە کۆمەڵگە ڕێزی لێبگرن.

## تەوەرەی دووەم

## خەسڵەتەکانی ئاکاری گشتی

لۆژیکی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەدیاریکردنی خەسڵەتەکانی ئاکار وڕەگەزەکانی، چەنکە ئاکاری گشتی ڕواڵەتی بەئاگایی کۆمەڵگە دەردەخات و دەرخەری پێگەیشتن ووشیاری ڕەگەزی مرۆڤە لە کۆمەڵگەدا، لەسەر ئەو بنچینەیەی کە ئاکاری گشتی وابەستەی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و کەلەپوری مێژووی هەر کۆمەڵگەیەکەو هەبوونی فرەیی ڕۆشنبیری وکەلتوری وپێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان ڕەگەزی گرنگن و ڕۆڵیان هەیە لە دیاری کردنی خەسڵەتەکانیدا بۆیە لەم تەوەرەداو لەژێر سایەی ئەوەی پێشوو خستمانە ڕوو، دیارترین خەسڵەتەکانی ئاکاری گشتی دیاری دەکەین:

### لقی یەکەم

### ئاکاری گشتی ڕێژەییە

بەواتای ئەوەی کە لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە ڕێساو سیماکانی جیاوازن، تەنانەت لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە

[1] د.محمود عاگف البنا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧.

دەگۆڕێــت.چونکە کــاریگەرە بەسیســتمی کــۆمەڵایەتی وسیاســی وئــاینی کــارپێکراو وزاڵــی ناوکۆمەڵگە[1]. لەم ڕووەوە دەگونجێت وەك نمونە ئاماژە بەچەند نمـونەیەکی دیـار بـدەین لەوانە بـابەتی (ئـازادی ومارەسـەی سـێکس لەشوێنەگشـتیەکان) لە کـۆمەڵگە ئەوروپیەکـان بەنمـونە لەسویدبەکارێکی ئاسایی و مافی تاك دادەنرێت بەڵام لەکۆمەڵگە مسوڵمانەکان بەتاوان وکارێکی دوور لە ڕەوشت لێی دەڕوانرێت.

کوشـتنی مانگـا لە هیندسـتان ولەنێـو کـۆمەڵگەی هینـدۆسی بە کـارێکی دوور لەڕەوشـت دادەنرێــت بەڵام ســەربڕین وفرۆشــتنی و خــواردنی لەکــۆمەڵگەی دیــکەی وەك کــۆمەڵگە مسوڵمانەکان بەکارێکی ئاسایی دادەنرێت.

دەرەنجامی ئەوەی خستمانە ڕوودەتوانین بڵێین کە گۆڕانی بەهـا ئاکاریەکـان، کـاریگەرە بەهۆکــاری جۆراوجــۆر و ئەو گــۆڕانەش دەرەنجــامی خــۆی دەبێــت لەکــۆمەڵگەدا، کە نـاوەڕۆکەکەی جیـاوازە بەجیـاوازی بیروبـاوەڕی ئـاینی و نمـونەی بـاڵای زاڵـی سـەر کـۆمەڵگە لەسەردەم وشوێنێکی دیاری کراودا.

ڕێژەیی بوونی ئاکار کاریگەریشی- هەیە لەسـەر رێکسـتنی یاسـایی لە دەوڵەتـدا، چـونکە یاسادانەر پێویستە ڕەچاوی ئاکارە گشتیەکان بکات لەدەرکردنی یاساکاندا، لەمەشدا پابەنـد نـیە بەپەیرەکردنی هەموویان بەڵکو پێویسـتە ڕەچـاوی گرنگترینیـان بکـات بەلای کـۆمەڵگەوە، ئەم جۆرە ئاکارانە دروسـت نـیە یاسـادانەر پێشـێل ودەسـتێوەردانی هەبێـت لەسـەریان وپێویسـتە ڕەچاویان بکات وبیان پارێزێت[2].

## لقی دووەم

## گشتگیر بوونی ئاکاری گشتی

بۆ ئەوەی ڕەفتارێك بە ئاکاری گشتی دابنرێـت، پێویسـتە گشـتگیر بێـت بەواتـای ئەوەی ژمارەیەکی دیاری نەکراو لە تاکەکانی کۆمەڵگە ئەو هەڵس وکەوتە بەلایـانەوە بەهـادارو گرنـگ بێت وپەیوەستبن پێوەی، لەم ڕووەوە ئەو پرسیارە دێتە کایەوە، ئایا گشـتگیری بـوون بەمانـای تەواوی کۆمەڵگە دێت یان زۆرینەی کۆمەڵگە؟

[1] د.محمد زکی، الحمایه الجنائیه للعرچ فی التشریع المصری، دارالجامعه الجدیده، الاسکندریه، ٢٠١١، ص٦.
[2] م.مصگفی رحیم گاهر، مفهوم الاخلاق فی القانون وخصائصها، مجله العراقیه، العدد ٢٨، المجلد ٢، ص٢٦.

پێوەر بۆ دیاریکردنی گشتیەتی ئاکار، بـریتیە دیـد وکـاردانەوەی هەسـت وشـعوری گشـتی لەژێـنگەی کـۆمەڵایەتی وفەزای گشـتی دروسـت دەبێـت سـەبارەت بەو دەسـتدرێژیانەی دەکرێتەسەری.

لەسەر ئەو بنچینەیە بۆئەوەی ڕەفتارێك یان کردەوەیەك بەدەستدرێژی دابنرێـت لەسـەر ئاکاری گشتی، پێویستە ئەو ڕەفتـارە، کـردەیەکی مـادی وبەرجەسـتەی تیـا بێـت دژ بەو ڕێسـا شـکۆمەندیە مەعنەویـانەی کە بەبنچینەیـی ڕەوشـت وئاکـاری گشـتی کـۆمەڵگەکە دادەنـرێن وکۆمەڵ کۆکن لەسەر پاراستن ونەشکاندن یان تێکنەدانی. چونکە یاسا لێپرسینەوە ناکات مەگەر لەسەر ڕەفتاری دەرەکی مرۆڤ نەبێت.بەڵام ئەوەی بیرو ئەندێشەو لەنیەتی تاکدایە هەرچەنـدە بێزاروو نائاکاریش بن بەڵام پاساونادات بەکارگێڕی گشـتی بەدەسـتوەردان لێـی ودژوەسـتانەوە بەرامبەریان شونکە هەتا ئاشکراو بانگەشە و ڕەفتاری مادی پێنەکرێت ئەو سـیفەتە گشـتیەتیە کە مەبەستدارە بونی هەبێت لە ئاکاری گشتی، بوونی نابێت.

ئەوەشی پەیوەندی بە پێناسەی خێزان هەیە، پێویستە لەم بارەیەوە ئامـاژەی بـۆ بکەیـن، چـونکە خێـزان پێکهێـنەری کـۆمەڵگەیەو ئەو گشـتیەتەی لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێکـرد لە خێزانەکانەوە سەرچاوەدەگرێت.

خێـزان، پێناسـەی جـۆراو جـۆری بـۆکراوە لێـرەدا ئامـاژە بە گـرنگترین وهاوبەشـترینیان دەکەین:

پێناسـەی خێـزان لای (ئیمیـل دۆرکـایم) : ( خێـزان یەکەیەکی کـۆمەڵایەتیە، مـۆرك وسروشتێکی ئاکاری ویاسایی هەیە کە تیایدا ئەنـدامەکانی لە دایـك وبـاوك ومنـداڵ ونەوەکـانی، کۆمەڵە ئەرکێکیان دەکەوێتە ئەستۆ لە پارێزگاری وچاودێری وپەروەردەکردن).[1]

لەفەرهەنگـی کـۆمەڵایەتیش وەهـا پێناسـەکراوە کە(وابەسـتەیی نێـوان ژن ومێردێـك بەڕایەڵەی هاوسەرگیری یان خزمایەتی یان بەپەیوەندی تـۆکمەی دیـکە، و بەرپەرسـیاریەتیان دەکەوێتە ئەستۆ بەرامبەر پەروەردەی منداڵەکانیان).[2]

[1] د.علی حلبی، علم الاجتماع السکان، گ٢، دار المعرفه الجامعیه، الاسکندریه، ١٩٨٣، ص٢٥٠

[2] احمد زکی بدوی، معجم المصگلحات العلوم الاجتماعیه، مکتبه لبنان، بیروت، ١٩٨٣، ص١٥٢

## باسی دووەم

## بنچینەکانی دەسەڵاتی کارگێری لە پاراستنی ئاکاری گشتی

ئاکارو ڕەوشتی گشتی سەرچاوە دەگرن لە بەهـا مرۆییەکـان وبیروبـاوەڕی ئـاینی و بیـرو ڕێبازی سیاسیی وکۆمەڵایەتی باو وزاڵی ناوکۆمەڵگە، هەموو ئەوانەش دەچـنە بـۆتەی دەسـتور یان یاسا یـان پەیـڕەو ڕێنمایـی وبڕیـارە کارگێڕیەکـان، یـاخود هەنـدێك جـار لەبـازنەیەکی نێـو دەوڵەتی لە چوارچێـوەی پەیماننـامە وڕێکەوتنـامەی نێـودەوڵەتی دەبێـت ودەبـنە ژێـدەر بـۆ دەسـەڵاتی کـارگێڕی گشـتی لە بـواری پاراسـتنی ئاکـاری گشـتی لەکـۆمەڵگە بەگشـتی ولە چوارچێوەی خێزان بەتایبەتی لەم باسەدا لەو ژێدەر وبنچیـنە سـەرەکیانە دەدوێـین، کە دەبـنە بنچینە بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی لە پاراستنی ئاکاری گشتی وباسەکە دابەش دەکەین بۆ ئەم تەوەرانە:

**تەوەرەی یەکەم:بنچینەیی یاسادانان (تەشریعی) بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی لەپاراستنی لەئاکاری گشتی.**

**تەوەرەی دووەم:پەیماننامەی نێودەوڵەتی وەك بنچینەی دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی لەپاراستنی لەئاکاری گشتی.**

**تەوەرەی سێهەم :بیروڕای زانایانی یاسا لەبارەی دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی لەپاراستنی لەئاکاری گشتی.**

### تەوەرەی یەکەم

### بنچینەیی یاسایی (تەشریعی) بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی لەپاراستنی لەئاکاری گشتی.

گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەوە، یاسادانەر نوێنەری گەلە بۆیە دەبێت لە داڕشتن ودەرکردنی یاساکاندا جا (دەستور یان یاسایی ئاسـایی یـان ڕێسـا)بێت بەگـوێرەی ئەوەی ڕیزبەنـدکراوە لە پلەبەندی یاسایی دەبێت پابەند ودەربڕی بەرژەوەندیی ودیدگاکانی کۆمەڵگەبێـت و سیسـتمی گشتی بپارێزێت بەهۆی ئەو تەشریعاتـانەی کەدەری دەکـات، پشـت بەسـت بەوەی لەپێشـوو خستمانە ڕوو، دەست دەکەین بە ڕوونکردنەوەی ئەم تەوەرە یە لەم لقانەی خوارەوەدا:

## لقی یەکەم

## دەستور وەك بنچینەی دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی لەپاراستنی لەئاکاری گشتی.

دەستور بالاترین پێگەو بەهێزترین وشکۆمەندترینی دەقی تەشریعیە لەچاو تەشریعاتەکانی دیکە لەهەرەمی یاساداندا، بابەتە سەرەکیەکانی کە ڕێکی دەخات بەگشتی دەتوانین پۆلێنی بکەین لە دوو کۆمەڵەدا، دیاری کردن وچەسپاندنی ماف وئازادیە گشتیەکانی هاوڵاتیان و دەسەڵات وئەرکەکانی هەر سێ دەسەڵاتە گشتیەکەیە و پەیواندنی نێوان ئەو دەسەڵاتانەش لەبەر مەبنای سیستمە سیاسیەکەی ووڵاتەکەدا دیاری دەکات[1].

کارگێڕی گشتی وەك بەشێکی پێکهێنەری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەستوردا بەشێك لە دەسەڵات وتایبەتمەندیەکان وهەندێك لە ئەرکە هەنوکەییەکانی دەستنیشان کراوەو دەقیان لەبارەوە هێنراوە، لەمەشدا هەڵوێستی دەستورە بەراوردکاریەکان پەیڕەوی لەیەکێك لەم شێوازانە دەکەن:

١-دیاری کردنی تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی کارگێڕی گشتی لەناو دەستوردا، بەنمونە دیاریکردنی ئەرك وتایبەتمەندیەکانی سەرۆك کۆمار یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان دەزگای گشتی پۆلیس، لەم بارەدا ئەو لایەنانەی کارگێڕی گشتی کە بەدەقی دەستور ئەرك ودەسەڵاتەکانیان دیاری کراون، بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵات وتایبەتمەندیەکانیان پێویستیان بەدەرکردنی یاسا نیە[2].

٢- لەدەستور دەق دەهێنرێت لەبارەی تایبەتمەندیەتی ودەسەڵاتەکانی کارگێڕی گشتی، بەڵام مەرجداری دەکات بە دەرکردن وبوونی یاسایەك بۆ ڕوونکردنەوە وڕێکخستن و چۆنیەتی مومارەسەکردن وسنوری دەسەڵاتەکانی لایەنەکانی کارگێڕی گشتی لەم بارەشدا دروسن نیە بۆی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی بکات تا یاسایەك دەردەچێت بۆ ئەومەبەستە لەم کاتەشدا تایبەتمەندی ودەسەڵاتەکانی بەیاسا وەردەگرێت نەك بە دەستور.[3]

---

[1] د.حميد حنون خالد، مبادئ القانون الدستوري وتطور النظام السياسى في العراق، مكتبه السنهوري، بيروت، ٢٠١٥، ل ٨٤.

[2] د.ابراهيم عبدالعزيز شيحا، النقم السياسيه والقانون الدستورى، منشأه المعارف، الاسكندريه، ٢٠١٦، ص٢٨١.

[3] بۆ نمونە مادەی(١٤) لەدەستوری شانشینی ئوردنی هاشمی ١٩٥٢.

ڕەهەندێکی دیکە کە پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە، شێوازی ڕێکخستنی دەستورە بۆ پاراستنی ئاکاری گشتی، لەمەشدا دەستورەکان یەك ڕێچکەیان نیە، لەهەندێك دەقی دەستوریدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئازادیە گشتیەکان لەوانە ( بیر وڕا دەربڕین وئازادی ڕۆژنامەگەری وسروتەئاینیەکان ...) دەبێت بەشێوەیەك پیادەبکرێت دژ نەوەستێ لەگەڵ سیستم وڕەوشتی گشتیدا.[1]

لەهەندێك دەقی دەستوریدا کە دەقی هێناوە لەبارەی دیاری کردنی ماف وئازادیە گشتیەکان، ڕێکخستن وچۆنیەتی پیادەکردنی وابەستەکردووە بە دەرکردنی یاسای تایبەت لەو بابەتەوە.لەو یاسایانەشدا یاسادانەر لە دیاریکردنی سنور ومەودا وکۆت وبەندی مافەکان دەق لەبارەی پاراستنی سیستمی گشتی وئاداب(ڕەوشتی)گشتی کۆمەڵگە دەهێنێت.

ئاڕاستەی دەستوری وەهاش هەیە، توندتر لەسەر بابەتەکە وەستاوە و دەقی هێناوە لەسەر ئەوەی کە ئاکار بەکۆڵەکەیەکی بنچینەیی کۆمەڵگەو خێزان دادنرێت وپاراستنی لەئەستۆی دەوڵەتدایە، لەم بارەشدا پێویستە لەسەر هاونیشتمانیان ودانیشتوان ودەوڵەتیش لەپێشیانەوە کەپارێزگاری لە ئاکاری گشتی بکات وڕێگە بەپێشێل وسەرپێچی کردنیان نەدات[2].

لە هەندێك دەستوری دیکەدا، یاسادانەری دەستوری سورتر بوە لەسەربابەتەکە بۆیە سەرەڕای هێنانی دەقی دەستوری لەبارەی پاراستنی ئاکاری گشتی هەروەها دەقی هێناوە لەبارەی ئەرکی دەوڵەت لەکارکردن بۆ برەودان بە ئاکارە باشەکان وپاڵفەتەکردنی کۆمەڵ لەهەر خەسڵەتێکی نەشیاو وگەندەڵی بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی بە ڕەوشت وئاکار بەرز وجوان بنیات بنێت وڕۆڵی دەوڵەت لەبەرگریەوە بگوازرێتەوە بۆکارابوون و کارلێك کردنی لەگەڵ کۆمەڵگەدا بۆ ئەو مەبەستە.[3]

لەنێوئەو ئاڕاستانەدا ئێمەلای خۆمانەوە ئەم ئاڕاستەیە بەپەسەندتر دەزانین بۆ پاراستنی ئاکاری گشتی چونکە بەهۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێتی و جیهانگیریەوە بەتەنها ڕۆڵی پارێزگاری دەوڵەت لە ئاکار بەس نیە لەبەردەم ئەو هێرشە توند و شاڵاوە گشتگیریانەی کە ڕووە وبەها وئاکار وڕەوشتە پەسەندەکانی کۆمەڵگە مەترسی دروست دەکەن.

---

[1] بۆ نمونە مادەی(٢٩) لەدەستوری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.،

[2] بۆ نمونە دەستوری کۆماری عێراق ١٩٧٠

[3] بۆ نمونە مادە(١٨) دەستوری دەوڵەتی قەتەری ٢٠١٣

## لقی دووەم

### یاسای ئاسایی وەك بنچینەی دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی لەپاراستنی لەئاکاری گشتی.

بەگوێرەی بنەمای پلەبەندی یاسایی وبەڕێزگرتن لە شکۆمەندی دەستور، پێویستە ئەو یاسایانەی لە یاسادانەری ئاسایی (پەڕلەمان) دەردەچن، ڕەچاوی ئەحکامەکانی دەستور بکات .

لەعێراق و وڵاتانی دیکەش چەندین دەقی یاسایی هەیە کە بە ئامانجی پارێزگاری لە ئاکار وڕەوشتی گشتی دەرچوون، دیارترین ئەو دەقانەش لەدووتوێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراوە.ئەوانەش بریتین لە:

١-پێشبازی وپاشبازی بەبێ ڕەزامەندی مێینەی تاوان لەسەرکراو[١]، لێرەدا یاسادانەری عێراقی پێشبازی وپاشبازی بەتاوان داناوە ئەگەر ئەوکەسەی تاوانەکەی لەسەر دەکرێت ڕەزامەند نەبێت وتەمەنیشی ـ (١٨) ساڵی تەواوکردبێت، بێ گوێدانە تەمەنی ئەوکەسەی تاوانەکە دەکات، بەڵام لەم بارەدا ئەوکەسە ڕەوانەی دادگای نەوجەوانان دەکرێت بەپێی یاسای چاودێری ناکامەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.ئەوەی شایەنی باسە یاسادانەری عێراقی لەتاوانی پاشبازی ئەگەر هاتوو پەیوەندیەکی شەرعی ڕێگەپێدراو ودروستیش هەبێت لەنێوان تاوانکار وتاوان لەسەر کراو ئەم کارە هەر بەتاوان دادونرێت لەپێناو پاراستنی بەها ئاکاریەکان لە خێزاندا، بەڵام لە تاوانی پێشبازیدا ئەگەر پەیوەندی شەرعی هەبوو لەنێوانیاندا وەك ئەوەی هاوسەری یەکبن، پیاوەکە بیەوێت بەزۆر پێشبازی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بکات لەم بارەدا تاوانی پێشبازی دروست نابێت بەپێچەوانەی تاوانی پاشبازی کە تاوان دروست دەبوو، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، یاسادانەری کوردستانی لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠١٠ ئەم کارەی بەتاوان داناوە.

یاسادانەری عێراقی بۆ پاراستنی ئاکاری کۆمەڵگە لە هەردوو تاوانەکەدا ئەگەر تاوان لەسەرکراو تەمەنی لە خوار (١٨) ساڵی بوو، ڕەزامەندیش بێت یاسادانەر هەر بەتاوان ئەژماری دەکات بەڵام سزاکەی کەمترە بەراورد بە نەبوونی ڕەزامەندی تاوان لەسەرکراو.[٢]

---

[١] مادەی ٣٩٣ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو.

[٢] مادەی ٣٩٤ لە هەمان یاسا.

٢-لای یاسـادانەری عێراقـی ئەگەر تـاواوان لەسـەرکراو (١٨)ساڵیشی تەواوکردبێـت و ڕەزامەندیش بێـت لەسـەر ئەو کـارە، ئەگەر بەڵێنـی هاوسـەرگیری پێـدرابوو لەلایەن بـکەری تاوانەکە ئەوا بەپێی مادەی(٣٩٥) لە یاسای سزادانی عێراقـی بە تـاوان دادەنرێـت، بەم شـێوازە تاوانبـار بەڵێنـی هاوسـەرگیری بەمێیـنەیەك دەدات کە تەمەنی (١٨) سـاڵی تەواوکـردووە و بەڕەزامەندی مێینەکە کاری سەرجێی لەگەڵدا دەکات ودواتر لە بەڵێنەکەی پەشیمان دەبێتەوە، ئەمەش لە پێناوی پاراستی ڕەوشت وئاکاری خێزاندایە..[1]

٣-یاسادانەری عێراقی ئەو کارانەی بەتاوان دانـاوە کە تاوانبـار دەسـتدرێژی دەکـاتە سـەر بەشێك لە جەستەی (نێرینە) یـان (مێیـنەیەك)کە تەمەنیـان (١٨)سـاڵی تەواوکردبێـت و بەبـێ ڕەزامەندیان، کە هەمیشە وویستویانە پارێزگـاری لەوبەشـەی جەسـتەیان بـکەن، بـۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ئابڕووچون ولەکەدارکردنیان لەڕووی ئاکاریەوە[2]، شیاوی ئاماژەیە ئەگەر تەمەنیان (١٨) سـاڵیان تەواو نەکردبـوو، ڕەزامەنـدیش بـوون یاسـادانەر هەر بەتـاوانی دانـاوە، بەڵام سزاکەی سوکترە لەوە ی رەزامەندی نەبێت .[3].

٤-یاسادانەری عێراقی سـەبارەت بەهانـدان لەسـەرکاری بەدڕەوشـتی وخراپەکـاری تەنهـا هاندانەکەی بەهاندان داناوە وبەهەڵاوێردکاری لە ڕێساگشـتیەکان، مەبەسـتی یاسـادانەر لەم بەتاواندانانەدا پاراستنی بە ها ئاکاریەکان بووە.[4]

٥-یاسادانەری عێراقـی دوو جـۆر کـاری تـری بەتـاوان دانـاوە کەلێـرەدا هۆکـاری بەتـاوان دانانیـان بـریتیە لە پارێزگـاری لەهەست(شـعور)ی کـۆمەڵگە بەشـێوەیەکی گشـتی، ئەوانـیش بـریتین لە دوو تـاوان (کـاری ئـابڕووبەر بەشـێوەیەکی ئاشـکراو پەنهـانی ) بەنمـونە کەسـێك لەشوێنێکی گشتی بێ پۆشاك و بەڕووتی خـۆی دەربخـات یـان ئەگەر ئەنـدامی نێـرینەی خـۆی نیشانی هاوڕێَ کچەکەی بـدات بەبـێ ڕەزامەنـدی مێیـنەکە.ئەمە دەقیـان لەبـارەوە هـاتووە لە مادەکانی (٤٠٠) و(٤٠١) لە یاساکە.

٦-یاسادانەری عێراقی هەربەوە نەوەستاوە بەڵکو چەند کاروکردەوەیەکی دیکەی بەتـاوان داناوە بەمەبەستی پاراستنی ئاکاری کۆمەڵگە لەنمونەی ئەو کاروکردەوانە، داواکردنی کارێك دژ

[1] مادەی ٣٩٥ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو.
[2] مادەی ٣٩٦ لە هەمان یاسا.
[3] مادەی ٣٩٧ لە هەمان یاسا.
[4] مادەی ٣٩٩ لە هەمان یاسا..

بە ئاکـار وڕەوشـت لەکەسـێك جـا نێـر بێـت یـان مـێ، یـان ڕووبەڕووبـونەوەی مێیـنەیەك، لەجێگایەکی گشتی، بەووتە یان کردەوە یان ئاماژەیەك کە بێشەرمی بنوێنێت.[1]و دروست کردن یان بەرهەم هێنان یان هاوردەکردن یان دەست بەسەرداگرتن یان گواستنەوە یان دابەش کردنی کتێب، چاپکراو، وێنە، نیگار، فیلم، هێما وئدگار، یان هەرچەشنێکی لەوانەی بـاس کـران ئەگەر دژ بە ئاکار وڕەوشت وبێ شەرم وشکۆی تیابێت، یان بانگەشـە بـۆ کردنیـان بە هەر میکـانیزم وەسیلەیەك بێت بۆ بەکرێگرتن یان کڕینی بێت.[2]

ئەو دەقانەی لە یاسای تاوانکاریدا دێن، دەبـنە بنچیـنەیەك بـۆ کـاری کـارگێڕی گشـتی و پاڵپشت وهێزی یاسایی پێدەبەخشن وبەرچاوڕوونی دەکەن لە گـرتنە بەری هەر ڕێوشـوێنێك و ڕێککارێك کە پێویستن بۆ ڕوونەدانی تاوان.

ئەوەی بە پێویسـتی دەزانـین ئامـاژەی پێبـدەین، ئەمەیە، بەهـۆی ئەو پێشـکەوتنەی زانست سات بەسات بەخۆیەوە دەیبینێت لەسەرجەم بوارەکان بەگشتی و بواری ئینتەرنێـت و پەیوەنـدیە ئەلیکترۆنیەکـان بەتـایبەت، وای کـردوە (تـاوانە ئەلیکترۆنیەکـان)، بەدەرکەون وبەربڵاویشن، بەتـایبەت ئەو تـاوانە ئەلیکترۆنیـانەی کە دژن بە ئاکاروڕەوشـتی گشـتی، بەڵام یاسـادانەری عێراقـی، یاسـایەکی تـایبەتی نـیە بـۆ ڕێکخسـتن و دیـاریکردنی سـزا بـۆ ئەو کـارە .هەرچەندە یاسادانەر لەهەرێمی کوردستان، یاسای ڕێگـری لە خـراپ بەکارهێنـانی ئامێرەکـانی پەیوەندیەکانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی دەرکرد ولە چەنـد مادەیەکیـدا ئامـاژەی بەهەنـدێك جۆری ئەو تاوانانە داوە کە دژن بە ئاکار وڕەوشتی گشتی وسزای بەندکردنی بە ماوەی ٦ مانگ تا ٥ ساڵی داناوە یان غەرامە کردن بە بڕی یەك ملێـۆن دینـار تـا پێـنج ملیـۆن دینـاری عێراقـی داناوە.[3]

**لقی سێهەم**

**ڕێساو و ڕێنمایی وەك بنچینەی دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی لەپاراستنی لەئاکاری گشتی.**

ئەو ڕێسا و ڕێنماییـانەی کە کـارگێڕی گشـتی دەری دەکـات، جـۆراو جـۆرن بەگـوێرەی سروشتی ئەو بابەتەی ڕێکی دەخەن و لە زانستیی یاسایی بە ناوی جۆراو جۆری دیکەش هاتوە

[1] مادەی ٤٠٢ لە هەمان یاسا.

[2] مادەی( ٤٠٣ ) لە هەمان یاسا.

[3] مادەی (٢) لە یاسای ڕێگری لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیەکانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨

وەك تەشريعاتە لاوەكيەكان وبڕيارە كارگێڕيە تەنزيميەكان، ئەو سەنەدەی كە لايەنی كارگێڕی بۆ دەركردنی ئەم بڕيارانە پشتی پێدەبەستێت، خۆی دەبينێتەوە لە دەقە دەستوريەكان و ياسايی ئاسايی.دەشگونجێت كارگێڕی گشتی بەبێ پشت بەستن بە دەقی دەستوری يان ياسايی ئەو بڕيارانە دەربكات، وەك لە ڕێسا سەربەخۆيەكان(الانظمه المستقله) [1].

لەبواری پاراستنی ئاكاری گشتی، كارگێڕی گشتی ئەم ڕێساو ڕێنمايانە بەكاردەهێنێت، ئەوەش بەديارى كراوی لە جۆری ڕێسا سەربەخۆكان، ڕێسا جێيەجێكاريەكان(الانظمه المستقله) و ڕێسا ڕێكخستنيەكان (الأنظمه التنفيذيه) دەبن.

لەنمونەی جێيەجێكراو بۆ ئەو مەبەستە، ئەو ڕێسا (لائحەيە) يە كەوەزيری خوێندنی بلای ميسر بەژمارە (٢٠٨) لە ساڵی ١٩٩٤ دەری كرد سەبارەت بە پيادەكردنی يەكپۆشی لە ناوەندەكانی خوێندن بەشێوەيەك لەو جل وبەرگەدا ڕەچاوی داب ونەريتی كۆمەڵگەو ئاكار وڕەوشتی كرابێت، ئەگينا ڕێگە بەخوێندكار نادرێت بەخوێندكار بچێتە خوێندنگاكەی لە بارێكدا ئەگەر سەرپێچی ئەو يەكپۆشيە بكات.[2]

## تەوەرەی دووەم

## پەيماننامەی نێودەوڵەتی وەك بنچينەی دەسەڵاتی كارگێڕی گشتی لەپاراستنی لەئاكاری گشتی

لەچەند پەيماننامە وڕێكەوتنامەی نێودەوڵەتيدا دەق هاتون لەبارەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە پاراستنی ئاكار وڕەوشتی گشتی، لەم ڕووەوە ئاماژە بە ديارترينيان دەدەين :

١-پەيمانی نێو دەوڵەتی تايبەت بە مافە مەدەنی وسياسيەكان ١٩٦٦

لەمادەی (١٢) بڕگەی يهەميدا هاتوە هاتوە ( دروست نيە كۆت وبەندكردنی ئەو مافانەی كەلەم ڕێكەوتنامەدا هاتوون مەگەر ئەوانە نەبێت كە قانون دەقی لە بارەيەوە هێناون و پێويستن بۆ پاراستنی ئاسايشی- نيشتمانی يان سيستمی گشتی يان ڕەوشتی گشتی يان تەندروستی گشتی يان بۆ پاراستنی ماف وئازادیی پێكهاتەكانی ديكە دەقيان لە بارەيەوە هێنراوە).

---

[1] د.ماهر صالح الجبوری، النظام فی القانون العراقی -مدلوله وگبیعته القانونیه، بحپ منشور فی مجله العلوم القانونیه، جامعه بغداد، العدد ١، المجلد ١٨، ٢٠٠٤، ص٣٠.

[2] د.رفعت عبد سید، حریه الملبس فی مرفق التعلیم، گ١، دارالنهظه العربیه، ٢٠٠٤، ص١٦١.

-لەمـادەی (١٨، ٩، ٢١، ٢٢) ی پەیماننـامەکە دانی نـاوە بەوەی ئاکـار وڕەوشـتی گشـتی دەبنە کـۆت لەسـەر مومارەسـەی ئـازادی بیـرو بـاوەڕ وئـاین و ڕۆژنـامەگەری و گردبـونەوە و خۆپیشاندان).

٢-ڕێکەوتنـامەی پاراسـتنی منـداڵ ١٩٨٩، دەقـی هێنـاوە لەبـارەی ئەرکی دەوڵەت لە پاراستنی منداڵ لە بەکارهێنانی بۆ مەبەستی کاری سێکسی وبەد ڕەوشتی.

٣-ڕاگەیەنـدراوی گشـتی نەتەوە یەکگرتوەکـان ١٩٩٠ سـەبارەت بە پەروەردە بـۆ هەمـوو کـۆمەڵگەو دەسـتەبەرکردنی پەروەردەی بـنەڕەتی، لەمـادەی (٢١)یـدا بە ئامـانجی گرتـووە، پەروەردە بۆ مەبەستی پاراستنی بەها و برەودان بێـت بە ئاکـارو پاراسـتنی ڕەوشـتی گشـتی و لاینەنی ڕۆشنبیری وپەروەردە.

٤-ڕاگەیانـدراوی گشـتی نەتەوە یەکگرتوەکـان سـەبارەت بە ڕووبەڕوبـونەوەی ئایـدز لە ٢٠٠١، دەقی هێناوە لە بارەی ئەرکی دەوڵەت لە دانانی بەرنـامە وپـلان بـۆ ڕووبەڕووبـونەوە و تەشـەنەکردنی ڤایرۆسـی ئایـدز لە ڕێـگەی ووشـیارکردنەوەی تـاك لە ئەنجـام نەدانی ڕەفتـاری سیکسی نادروست.

٥-ڕێکەوتنامەی بۆدابست سەبارەت بە تاوانە ئەلیکترۆنیەکان٢٠٠١، چەنـد دەقـێکی تیـایە پەیوەندیدار بە پاراستنی ئاکار وڕەوشت لەونمونانە مادەی (٩) ڕێکەوتنامەکەیە، دەقـی تیـایە سەبارەت بەتاواندانانی وێنەی ئابڕوبەری منداڵ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتی.

ئەوەی جێـی ئامـاژە پێـدانە بەلامـانەوە، هێـزی یاسـایی ئەو پەیەماننـامە وڕێکەوتنـامە نێودەوڵەتیانەیە، ئەمەش ڕادەوستێت لەسەر هەڵوێستی یاسادانەری دەستوری، لەم ڕوەشەوە دوستورەکان هاوئاڕاستەنین بەڵکو دابەش بوون بەسەر چەند ئاڕاستەیەکدا:

١-دانان بە شکۆمەندی پەیماننامەی نێودەوڵەتی وپلە باڵایی بەسەر دەستور.[1]

٢-دانان بەوەی پەیماننامەی نێو دەوڵەتی لە پلەیەکی باڵاتری یاسایی ئاساییە.[2]

٣-پەیماننامەی نێودەوڵەتی لە پلەیەکی یەکسان وهاوتا بە دەستوری دادەنێن.[3]

[1]بۆ نمونە مادەی (٩٤) لە دەستوری هۆڵەندا.ساڵی ١٩٨٣. ومادەی(١٢١) لەدەستوری میرنشینی بەحرەینی ساڵی ٢٠٠٢.

[2]لە نمونەی ئەم ئاڕاستەیە لە مادەی (٥٥) ی دەستوری کۆماری فەرەنسا ١٩٥٨.

[3] لەنمونە دیارەکانی ئەم ئاڕاستەیە دەستوری بەلچیکا ٢٠١٢ بهەموارکراوو دەستوری لۆکسەمبورگە

٤-پەيماننامەی نێودەوڵەتی هاوئاستی یاسایی ئاسایی دەکەن.[1]

## تەوەرەی سێهەم

## بیروڕای زانایانی یاسا سەبارەت بە دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی لەپاراستنی لەئاکاری گشتی

زانایانی یاسایی هاوڕانین سەبارەت بە پەیوەست بوونی ڕێسا ئاکاری ورەوشتیە گشتیەکان بە سیستمی گشتی کۆمەڵگەوە، لەم بارەیەوە گفتوگۆو ئارگۆمێنتی جیاوازیان هێناوەتەوە، چونکە دانان بەو پەیوەست بوونە، کاریگەری دەبێت لەسەر دەست وەردانی کارگێڕی گشتی لەسەر ئازادیە گشتیەکان مەودای ئازادیەکانی تاك سنوردار دەکات.بەو هۆیەوە لە سەرەتادا زانایانی یاسای لە فەرەنسا بۆچونیان وابوو، ئەرکی دەسەڵاتی کارگێڕی ڕێکسازی نیە پارێزگاری بکات لە ئاکاری گشتی، چونکە بەشێك نیە لێی.[2]

لەسەر ئەو بنەرەتەش پێشێل کردنی ئاکاری گشتی، ئەگەر نەبوە هۆی تێکچونی سیستمی گشتی لە ڕواڵە مادیەکەی (واتە پەشێویی وناڕازایەتی کۆمەڵی) لێنەکەوتەوە، نابێت دەسەڵاتی کارگێڕی گشتی دەستی لەسەر وەربدات.[3]

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج وئاماژەپێدانە، لەکۆمەڵگا نەریتی وپارێزگار وئاینیە باڵادەستەکان، دەستدرێژی وپێشێلی سیستمی ئاکاری وبەها ڕەوشتیەکان تێکچونی سیستمی گشتی کۆمەڵگای لێدەکەوێتەوە، بەهۆیی هەستیاری وتێکەڵ بوونی بە ڕێسا ئاینی وبەها نەریتیەکانی کۆمەڵگەو ئاینی پەیڕەوکراوی.

لەبەر ئەو هۆکارە ئاڕاستەی نوێی زانایان لەسەر ئەوەیە کە ڕەوشتی گشتی (الاداب العامە) بەشێکە لە مەبەست و ئامانجەکانی ڕێکسازی کارگێڕی وپێکهێنەری سیستمی گشتیە.

---

[1] لەسەر ئەو ڕاستەیە بوە، دەستوری کۆماری میسر ١٩٧٢هەڵوەشاوە ومادەی (٦١) دەستوری کۆماری عێراقی ٢٠٠٥.

[2] لە نمونەی ئەو زانایانەی کە ئەم بۆ چونەی هەبوو (هۆریۆ) بوو بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە د.عبدالعلیم مشرف، الوجیز فی القانون الإداری، ج٢، دار النهچه العربیه، ٢٠٠١، ص٥٢.

[3] مارسیل فالین لە پێشینەی ئەو زانایانە بوو ئەم ڕایەی هەبوو بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە د.صلاح الدین فوزی، المبادئ العامة للقانون الإداری، دار النهضه العربیة، ١٩٩١، ص٤٨.

لەم ڕووە زانا (بۆردۆ) لەسەر ئەو ڕایەیە کە بیرۆکەی نیزامی گشتی ناوەڕۆکێکی فراوانی هەیە، بەجۆرێك کە نیزامی مادی، ئەدەبی، ئابوری دەگرێتەوە[1]

## کۆتایی

لەهەموو ئەوانەی لە میانەی توێژینەوەکەماندا پێی گەیشتوین، گەیشتوینەتە چەند دەرەنجام و ڕاسپاردەیەك، وادەیانخەینەڕوو.

**یەکەم:دەرەنجامەکان**

١-ئاکار ڕەگەزێکی پێکهێنەری سیستمی گشتیە، واتاکەی جێگیرنیە لەکۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەك ولەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەمەش بەکاریگەری هۆکارگەلێکی وەك( داب ونەریت، ئاین، سیستمی کۆمەڵایەتی، یاسایی و سیاسی نێوکۆمەڵگەو تیۆرە فەلسەفیەکان.

٢-هەڵویستی یاسادانەر کۆك نیەلەبارەی هاو وتابوونی چەکی ئاکار و ڕەوشت (الاخلاق)و (الآداب) العامە.

٣-ئەرکی دەوڵەت لەپاراستنی ئاکاری گشتی کۆمەڵگە، وابەستەیە بە پارێزگاری لەخودی دەوڵەت خۆی، بەها ئاکاری و نەریت و بنچینە ڕەوشتیەکانی خودی کۆمەڵگە، ئەمەش بەهۆپێناوەکانی دەقەدەستوریەکان ویاسا بەرکارەکان و پەیڕەو ڕێنمایەکان دەبێت.

٤-یاسادانەری عێراقی یاسایەکی سەرانسەری وتۆکمەی نیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو تاوانە ئەلیکترۆنیانەی کە پەیوەستن بە ئاکار وڕەوشتی گشتی، ئەگەرچی لەهەرێمی کوردستان یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیە ئەلیکترۆنیەکان ژمارە(٦) ی ساڵی ٢٠٠٨ دەرچوە، لەچەند دەقێکیدا چارەسەری بەشیی (جزئی) بۆ چەند تاوانێکی ئەلیکترۆنی پەیوەندیدار بە ئاکار و ڕەوشتی گشتی هەیە.

**دووەم:پێشنیاز وڕاسپاردەکان**

١-لەدەستوردا، ئەرکمەندی دەوڵەت دیاری بکرێت سەبارەت بە بڵاوکردنەوە وبرەودان بە ڕێسا وبەها ئاکاریی و ڕەوشتیەکان لەکۆمەڵگەدا، ودەسەڵاتی کارگێڕی گشتی تەنها لە بارێکی سلبی نەوەستێتەوە کە تەنها ئەرکی پارێزگاری بێت بەڵکو ڕۆڵێکی ئیجابی بگێڕێت لەو بوارەدا.

---

[1] د.زانا رەئوف حمە کریم و د.دانا عبدالکریم، بنەما گشتیەکان لە یاسای کارگێرشیدا، کتێبی یەکەم، وەرگێرانی عەبدولقادر صالح، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٢٥.

٢-سوود وەرگرتنــی دەســەڵاتی گشــتی لە ناوەنــدەکانی خوێنــدن، خێـزان، پەرسـتگاکان لە برەودان بە ئاکار ورەفتاری گشتی لەگەڵ گۆڕانکاری لە شێوازی بەڕیـوەبردن وکـاری دەزگاکـانی پۆلیس وپەیڕەو کردنی پۆلیسی کۆمەڵایەتی.

٣-لەعێـراق و هەرێمــی کوردســتان، بەدەقــی دەســتوری، دەســەڵاتی دەرکــردنی بڕیـاری کارگێڕی تەنزیمی ڕێکسازی، بۆنەهێشتنی هیچ گومان وڕاجیـاوازیەك کەزانایـانی یاسـا هەیـانە لەم بــارەیەوە چــونکە ئەوەی بەڕووکەشی لەمــادەی(٨٠) ىدەســتوری کۆمــاری عێــراق ٢٠٠٥ دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کەتەنهـا دەسـەڵاتی دەرکـردنی بڕیـاری کـارگێڕی تەنزیمـی جێبەجێکـاری هەیە، بۆ جێبەجێکردنی یاساکان.

٤- پێدانی دەسەڵات بە سەرۆکی کارگێڕی یەکە خۆجێیەکان، بۆ ڕێگری کردن لەپێشێلکاری و کاری بەد ڕەوشتی ودژ بە ئاکارە گشتیەکان.

## سەرچاوەکان

یەکەم :کتێب

١-احمد زكي بدوي، معجم المصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت، .١٩٨٣

٢-د.حميد حنون خالد، مبادئ القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق، مكتبة السنهوري، بيروت، ٢٠١٥ ابراهيم

٣-د.عبدالعزيز شيحا، النظم السياسية والقانون الدستوري، منشأة المعارف، الاسكندرية، ٢٠١٦

٤-ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئیحسان، تاران، ٢٠١٠

٥-د.رفعت عبد سيد، حريه الملبس فى مرفق التعليم، گ١، دارالنهظه العربيه، ٢٠٠٤

٦-د.زانا رەئوف حمه كريم و د.دانا عبدالكريم، بنەما گشتیەکان لە یاسای کارگێڕیدا، کتێبی یەکەم، وەرگێرانی عەبدولقادر صالح، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٧

٧-د.سعاد الشرقاوى، القانون الإدارى، دار النهضه العربيه، القاهره، ١٩٨٣

٨-د.صلاح الدين فوزى، المبادئ العامه للقانون الإدارى، دار النهضه العربيه، .١٩٩١

٩-د.عبدالرزاق السنهورى، الوجيز فى شرح القانون المدنى، نظريه الالتزام بوجه عام، ج١، دارالنچه العربيه، ١٩٦٦

١٠-د.عبدالعليم مشرف، الوجيز فى القانون الإدارى، ج٢، دار النهضه العربيه، .٢٠٠١

١١د.على حلبى، علم الاجتماع السكان، ط٢، دار المعرفه الجامعيه، الاسكندريه، ١٩٨٣

١٢-د.على محمد بدير ود.عصام عبد الوهاب البرزنجى ود.مهدى ياسين السلامى(تاليف مشترك)، مبادى واحكام القانون الإدارى، مديريه دار الكتب والطباعه، بغداد، ١٩٩٣

١٣-د.كريمه دوز، الاخلاق بين الاديان السماويه والفلسفه الغربيه، ط١، دار الكتاب، الاسماعيليه، مصر، ٢٠١٦

١٤-د.محمد زكى، الحماية الجنائية للعرض فى التشريع المصرى، دارالجامعه الجديده، الاسكندريه، ٢٠١١

١٥-د.محمود سليمان، النظام العام والآداب العامة، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە لەسەر ئەم لینکە،

١٦-د.محمود عاطف البنا، الوسيط فى القـانون الاداری –دار الفكـر العربـى – القـاهره – ١٩٨٤.

١٧-د.منيب محمد ربيع، ضمانات الحـريه فـى مـواجهه سـلطات الضـبط الإداری، رسـاله دكتوراه مقدمه إلى كليه القانون/ جامعه عين شمس، ١٩٨٨.

دووهم:گۆڤار

١- د.ماهر صالح الجبوری، النظام فى القانون العراقى –مدلوله وطبيعتـه القـانونيه، بحـث منشور فى مجله العلوم القانونيه، جامعه بغداد، العدد ١، المجلد ١٨، ٢٠٠٤

٢- د.مصطفى رحيم طاهر، مفهوم الاخلاق فى القانون وخصائصها، مجله العـراقيه، العـدد ٢٨، المجلد ٢

<u>سێهەم:دەستور وياساكان</u>

دەستوری كۆماری فەرەنسا ١٩٥٨.

دەستوری كۆماری عەرەبی ميسر ٢٠١٤

دەستوری شانشينی ئوردنی هاشمی ١٩٥٢

دەستوری هۆڵەندا.ساڵی ١٩٨٣.

دەستوری كۆماری عێراق ٢٠٠٥

دەستوری دەوڵەتی قەتەری ٢٠١٣

دەستوری شانشينی بەحرەين٢٠١٢

ياسای ڕێگری لە خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەيوەنديەكانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨سای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەمواركراو

چوارەم :سەرچاوەی ئەليكترۆنی

محمود سليمان، النظام العام والآداب العامه، توێژينەوەيەكی بڵاوكراوە لەسەر ئەم لينكە، www.startimes.com . f.aspx= 75767366 مێژووی سەردانيكردنی ٢٠١٨/٣/٢٨

**الملخص**

ان مفهوم الاخلاق العامه ليس واحدا فى جميع المجتمعات فهو متگور ومتغير بتغير المكان والزمان وان قواعد الدين تعد جزءا رئيسا فيه الا انهما يختلفان من اوجه عديده، وعلى الاداره ان تقيم توازنا بين حريه الافراد وسلگتها فى التدخل لحمايه الاخلاق العامه للأسره والمجتمع، تمپل الاخلاق العامه للمجتمع عنصرا رئيسا من عناصر النڤام العام التى يقع على الدوله عموما والاداره خصوصا واجب حمايتها تجاه مايتهددها من اخگار وواجبها هڑا لايحتاج الى نص ليقرره او ينشاه وان وجد هڑا النص فان دوره يقتصر على التاكيد فقگ فى واجب الدوله فى حمايه اسس الاسره او المجتمع واخلاقه باعتبار ان ڑلك يعد جزءا من چمان بقاء الدوله واستمرارها والمحافڤه على هويتها.

**پوخته**

چەمکی ئاکاری گشتی فراوانە ومانـاکەی جێگیـر نـیە و لەکـۆمەڵگەیەك بـۆ کـۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت، وتەنانەت لەکۆمەڵگەیەکی دیاری کراویش لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی دیـکە دەگۆڕێت ئەگەر چی ئاین ژاندەرێکی ئاکارە بەڵام لەچەند ڕویەکەوەلێکتر جیان وهاوواتا نین، لەسەر کارگێڕی گشتی پێویسـتە هاوسـەنگی ڕابگرێـت لە نێـوان ئازادیەکـانی تـاك وپارێزگـاری لەئاکاری گشتی لەنێوخێزان وکۆمەڵگەدا، ئاکاری گشتی ڕەگەزێکی پێکهێنەری سیستمی گشتیەو وپێویستە لەسەر دەوڵەت بەگشتی وکارگێڕی گشتی بە تـایبەتر، پارێزگـاری لـێ بکـات لەهەر مەترســـی ودەســـتدرێژیەك کە ڕووەو ئاکـــاری گشـــتی دەبێـــتەوە، جێبەجێکـــردنی ئەم ئەرکەهەنوکەیەش ڕاناوەستێت لەسەر هەبـوونی دەقـی یاسـایی، بـوونی دەقـێکی یاسـایی لەو بارەوە بۆ دووپاتکردنەوەی ئەرکمەندی دەوڵەتە لە پێناو پاراستنی بنچینەکانی خێزان وکۆمەڵگە وئاکارەکـانی بەو پێـیەی بەشـێکی گـرنگن بـۆ دەسـتەبەری مـانەوە وبەردەوامـی دەوڵەت وپارێزگاری لەناسنامە وشوناسی دەکات.

**Abstract**

The authority of the public administration to protect morality in the family and society

The concept of public morality is not the same in all societies; it is developed and changed by changing place and time and the rules of which are a major part of it. The administration must strike a balance between the freedom of individuals and their authority to intervene in order to protect the public morality of the family and society.

The public morality of society is a major element of the public order which falls on the state in general and the administration, in particular, the duty to protect it against the risks that they face and its duty does not need an article to be decided and if found this article, its role would be limited only to emphasize the duty of the state which reflects in protecting the principles of the family or society and its ethics, as this is part of the guarantee of the existence of the state and its continuity and preservation of its identity.